نەورۆز ئەو ڕۆژەیە کە پەیوەندی خۆشەویستی و چارەنووسی هاوبەش و مێژوویەکی مەزنمان بیردەخاتەوە

محەمەد شەیاع سودانی، سەرۆکوەزیرانی عێراق پیرۆزبایی هاتنی نەورۆز دەکات و لە پەیامێکی دەڵێت: گەرمترین پیرۆزبایی ئاڕاستەی ڕۆڵەکانی گەلی کوردمان دەکەین، بەبۆنەی هاتنەوەی جەژنی نەورۆزەوە، خوای گەورە بە خێر و خۆشی بیگەڕێت و بەهیوای بەردەوام بوونی ئاسایش و سەقامگیری لە عێراقدا، کە بەهەوڵی هەموو پێکهاتەکانی گەلە تەباکەی بەرەو سبەینێیەکی گەشاوەتر دەڕوات".

لەو پەیامەی سەرۆکوەزیرانی عێراق هاتووە، نەورۆز ئەو ڕۆژەیە کە پەیوەندی خۆشەویستی و چارەنووسی هاوبەش و مێژوویەکی مەزنمان بیردەخاتەوە، ئەمەش هەموو عێراقییەکان لە سەرانسەری وڵاتەکەماندا بەیەکەوە دەبەستێتەوە.